# کورد و ئایین 1




نیشتمانی ئاری بە گشتی و میزۆپاتامیا (مەزرۆ بۆتان) بە تایبەتی، نیشتمانێکی پڕ لە فەڕ و پڕ لە داهاتی جۆراجۆرە، کە مرۆڤ وابەستەی خۆی دەکات و ناتوانێت دەستبەرداری بێت. نیشتمانێکە، پڕە لە جوانی و ئەڤینی مەزدا ئەهۆرایی بە وێنەی ئەو بەهشتە بەرین و ڕازاوە و شیرینە، کە لە ئایینەکانی سامی باسی لێکراوە.

بە درێژایی مێژوو ئەم نیشتمانە جێگەی حەوانەوە و داڵدەدانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی بووە. بە هەزارها کانی و سەرچاوەی ئاوی شیرینی لێ هەڵئەقوڵێت و بە چڕوپڕی هەموو جۆرە دیارییەکانی پەروەردەگاری تیا دەبینرێت، کە بە خەڵات بۆ مرۆڤی دروست کردووە. لە هەمانکاتدا لێواولێوە لە ئەفسانە و داستان و دیرۆکی هەمە جۆر، کە مرۆڤی ئەمڕۆ دەخاتە ئەندێشەی بێسەر و بن و بێکۆتایی و گەڕیان و پشکنینەوە.

هەروەها سەرزەمینی میزۆپاتامیا یەکەم ماڵۆچکەی ژیان و خۆشەویستی تیا هەڵچنراوە و دیرۆک و کەسایەتی مرۆڤی ئاریایی پاراستووە. لەم نیشتمانە قەشەنگ و ڕەنگینەی کورد دا جۆرەها دین کە بەدیهێنەری مرۆڤ بووە هاتوتە ئاراوە.




هەر لە دەستپێکی دیرۆک، کوردستان مەزنترین و پڕپێزترین سەرچاوەی هزری مرۆڤایەتی و فەرزانەیی بووە. پێش لە هاتنی ئایینی زەردەشت «بەهدینی» باوەڕ و دینی فراوان لە ناوچەکەدا باو بووە، ئەفسانە و چیرۆک و داستان و ڕاز و ئەستورەکان دەوری گرینگیان لە رامان و هزری دانیشتوانی نیشتمانی کوردستان بینیوە. بەم هۆیەوەیە کە هەر دینێک

تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی و جوگرافیایی دیاریکراوی خۆی هەبووە، بۆیە خودبەخود لە هۆکارەکانی هزریی و داب و نەریتەکانی باوی ناو کۆمەڵگای سەردەم نیشانە و کاریگەریی وەرگرتووە.
کە وابوو هەر ئۆلێک لەگەڵ تایبەتمەندی و هۆکارەکانی دەوروبەری خۆی و میراتی کۆمەڵایەتی زێدی خۆی، ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە. دەتوانین بەم شێوە بێژین: نیشاندەری تایبەتمەندی ئەو ژینگەیە کە لە نێو ئەودا هەستاوە، نرخاندنی هەر دینێک، چەشن و چۆنیەتی پێوانەی کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتەیە کە پشتاوپشت بە وچەکانی گەیشتووە.
خۆی بە هەڵسەنگاندن و بەراوەردکردنی ئەو هۆکار و تێگەیشتن و ئەرزش و بەهاکانە، کە دەتوانرێت شێوەکانی ڕەوشت و پەیوەندیەکانی مرۆڤایانەی کۆمەڵگاکانی جیاواز شیرۆڤە بکرێت. بۆ نموونە تایبەتمەندی خودای هەر ئۆلێک لەتەک ئەوی دی، جیاوازی فرەیان هەیە.
دینەکانی کۆن لە سەر بنەمای خێڵ و هۆز بە چەشنەکی خۆڕسک دروست دەبوون و لایەنی پەرەپێدان و ڕاگەیاندنی نەبوو، بەڵکوو گرێدراوی ئەو هۆزە بوو کە تێدا دروست دەبوو و هەر کاتێک سەربەخۆیی و ئازادی ئەو هۆزە یا ئەو گەلە پێشێل دەکرا یا لەناو دەچوو، ئەوە دینەکەش بە گشتی لەتەک هۆزەکی لەناو دەچوو و توانای مانەوەی نەدەما. هەموو دینەکانی کەون بە تایبەت دینە سەرەتاییەکان بە گشتی دینی خێڵ و هۆز بوون، بەڵام لە دوایدا دینی نەتەویی لە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری بۆ هەر نەتەوەیەک بەدی هات و لەتەک ئەو نەتەوە جۆش و گرێی خوارد.




جاری وا بوو کە نەتەوەیەک سەربەخۆیی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی لە دەست دەدا و لە جەنگدا شکستی دەخوارد، بۆیە ئەو کات خوداکانی نەتەوەی سەردەست، براوە و سەرکەوتوو دەبوون و دەیانتوانی دین و خوداکانی گەلی شکستخواردوو و دۆڕاویش بندەست ڕاگرن.
ئامۆژگاری و فەلسەفەی زەردەشت، دەستپەکی قۆناخی نوێ بوو لە نێوانی دینەکانی کۆن و دینەکانی دوای خۆی کە پاشتریش لە دایک بوون، بۆیە ڕاهێنانەکانی زەردەشت لەمەڕ چەشنی چۆنیەتی و ڕوانگەی ئایینی، داهێنان و تازەگەری بوو و لەتەک خۆیدا دیتن و ڕامانێکی تازەی

بۆ نرخاندنی دین دروست کرد. رامانی زەردەشت لە ژێر سنووری خێڵ و هۆز دەرباز بوو و خۆی بۆ هەموو هۆز و گەل و مرۆڤایەتی تەرخان کرد.
ئارمانجی سەرەکی ئەو ئایینانە کە پێش هاتنی دینی زەردەشت هاتن ئەوە بوو کە مرۆڤیان بۆ سەدان ساڵ بەرەو نەزانی و تاریکی ڕاپێچ کردووە و هەر یەکەشیان لایەنگیر و پاڵپشتی خۆی هەبوو. دەستەڵاتداران تێر و خاوەن فەرمان بوون، هەموو هەژاران و بێدەرەتانانیش، کۆیلە و دیل و ملکەچی ئەو داب و ئایین و نەریتانە بوون کە بە سەریاندا ترس و مەرگیان سەپاندبوو و لە ژێر باری گرانیدا دەیان ناڵاند. بەندەی دەستەوسانی خواکانی ئەو ڕۆژگارە ڕەشانە بوون، کە زۆردار و خاوەن هێز و ساماندار، «خوا» بووە و فێڵبازانیش دام و دەستەی سەرکوتکەر و چەوسێنەر بوون.
تاکوو زەردەشت بە زانایی و بیردۆزی خۆی، هاتە گۆڕەپانی خەباتەوە و دژیان ڕاوەستا و ئاگری پیرۆزی خۆی هەڵگرساند، ئاگرێک بۆ ڕووناککردنەوەی پێش چاوی ئەو مرۆڤە ستەمدیدە و کۆیلانە، کە ملکەچی خوداوەندە جۆراجۆرەکانی باوی ئەو سەردەمە بوون، کە لە پچوکترین مافی خۆیان بێبەش بوون.




ئۆلی زەردەشت جیاوازییەکی فرەی لەتەک ئۆلەکانی تردا هەبووە. بڕوای تەوای بە بوونی ئەهۆرا مەزدای تاک و تەنیا بووە، کە یەگانە ئافەریدەگار هەستی و گەردوون و زەوی و ئاسمان و گیانلەبەر و جیهانی ئەنبوژەنی و مینەڤییە. هەر ئەویشە کە بەدیهێنەری شادی و بەختیاری مرۆڤە، کە تورە نابێت و ئازاری هاوڕێی (مرۆڤ) خۆی نادات، ڕک و کینەی لە لا نییە و داوای بەرتیل و قوربانییان لێ ناکات.
لە بەر ئەمانە بوو زەردەشت، نەیاری زۆر زوو بۆ پەیدا بوو. بە هەموو شێوەیەک ویستیان لە ناوی ببەن و ڕێگەی لێ بگرن و بیشێوێنن و نەهێڵین گەشە بکات، سەدان جۆر ناونیتکە و بانگەشەی ناجۆر و ناڕاستیان بۆ هەڵبەست و دژایەتیەکی خەست و خۆڵی دوژمنانەی یارانی

زەردەشتیان کرد، کە ئەویش بە هۆرە و فەرمووده شیرینە پڕ بایەخەکانی، بەرپەرچی نەیارانی دەدایەوە.

*kurdavesta@msn.com*
*www.kurdavesta.tk*